# جا...ئەگەر زەوی خڕبێت
# یان خڕ نەبێت
# بە ژنان چی ؟

سە باحەت تاهیر

کەنەدا

sabahtahir@hotmail.com

له بیرم نییه تەمەنم چەند بوو یان لە پۆلی چەند بوو وانەی ( زەوی خڕە) مان خوێند , بەڵام ئەوەم چاك لەبیرە کە هەر لەماڵەوە باسی ( ئەم زەویە خڕەم دەکرد نەنکم بە رەحمەت بێت شێت و هار دەبوو (کچم یا خوا زمانت بە بڕین بچێت ,ئەوە قسەی کافروو زەندیقانە , جوان تەماشای بەر دەمی خۆت بکە خۆ کۆر نیت نابینی زەوی وەك دەم و زارە هەراشەکەت( پانو بەرینە ). خۆ لە بەینی خۆمان بێت نەك هەر من بەڵکو مامۆستایەکەی ئەم وانەیەشی پێ دەگووتین پێ نەدەچوو لەو باوەڕەبێت کە زەوی خڕە بە شبەحاڵی خۆم ئەوەی دەم دیت کۆڵانەکانی ئەو سای شاری کۆیە بوو کە تا چاو بڕکات وەك نەنکم گۆتەنی درێژو پان و بەرین و تەخت بوون بەڵام چونکە نەنکی رەحمەتیم بەزەوی خڕە تورە دەبوو هەر  شتێکم بە دڵ نە بووابیيە چاوم لە چاوی نەنکم دەچەقاندوو دەمگووت زەوی خڕەو رام دە کرد,تا عەیامەکی زۆر ئەم شەڕەی من و نەنکم بەردەوام بوو تا خوشکەکەم رۆژێك پێی وتم تۆ بۆ واز لە نەنکم ناهێنی بۆ دەتەوێت بە نەنکم بسەلمێنی زەوی خڕە ئەو فەقیرە کە بستێك زەوی لە دنیایە شك نابات جا گەر زەوی خڕبێ یان پان بی یان سێ گۆشە بەو چی! گریمان بۆی سەلماندی زەوی خڕە ئەوسا چی لە ( ژیانی) دەگۆڕێ, قەناعەتم بە قسەی خوشکەکەم هات و دەستم لە شەڕی (زەوی خڕەی) گەڵ نەنکم هەڵگرت  یاخوا حکوومەتە نوێکەی کوردستان پیرۆزبێت ( پێ و قەدەم خێربێت) کەئەم شەڕەی من و نەنکمی وەبیر هێنامەوە چونکە لێرەو لەوێ گلەیی ئەوە لەم  حکومەتە تازە هەیە کە(عنصری ئافرەت!! )( عنصری ژنی زۆر کەمە!!)ئەوەی کە هەیە گوایە لە بەر (ئیعتباراتی خاصە) وەك ئەوەی زۆرینەی پیاوەکانی پەڕلەمان و حکوومەت لە بەر خاتری( ئیعتباراتی عامە) دانرابن!! .

من لە حیساب و ژماردن کولەوارم بەڵام بای ئەوەندە دەزانم کە (ئیعتیباراتی خاصە)لەم نوسینەم دەربکەم ,جا ئەوسا دەرئەنجامەکەی ئەوەیە کە هەموو ئەم تاقی کردنەوانەکە لە سەرەتای راپەڕینەوە تا ئێستالە بەر چاوە دەیسەلمێنێ کەقەیرانی مەسەلەی ژنان پەیوەندی نیە بە رێژەی ژنان لە ناو حکومەت

یان بە جۆری بە شداربوونیان لە حکومەت , ئەمە مەسەلەی میللەتێکە کەسەرتاپای لە قەیرانەدایە , بەڵام لەوەش نەگبەت تر ئەوەیە کە شەڕ کردن لە سەر مەسەلەی زەوی خڕەهیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ چونکە بە ناو( شارەزاکان)زەوی بە پانی دەبینن.

ئێستاس گریانم بۆ   نەنکم دی کە  شەڕی زەوی پانەی دەکرد بێ ئەوەی بستێك زەوی   هەبێت !

ئەوەی باشە ژنەکانی ئەم زەمانە لە خوا بە زیاد بی لە نەنکم ئاقل ترن چونکە ( زۆرینەی ژنەکان ) ( نەك هەمووژنێك)شەڕی بەشداری حکوومەت ناکات چونکە بە چاوی خۆیان دەیبینین کە چۆن ( ژنە بێدەسەڵاتەکانی) ناو دەسەڵات دەیسەلمێنن( کە گەر نەك ژنێك پەنجا ژنیش دەست نیشان بکرێن و بخزێنرێنە ناو دەسەڵات زەوی لەبەر چاوی نەنکم هەر پان و بەرینە, منیش گوایە شەڕی زەویەکی ( گوایە خڕدەکەم ) !